ژمارەی تایبەتی

# هاوکاری

بەڕێوەبەری گشتی وسەرنووسەر
اسماعیل رسول

## تۆمار

### راگەیاندنی مژدەی دانانی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ جەماوەری گەل

بۆ دووپات کردنەوەی پەیوەندی هاونیشتمانیو برایەتی مێژوویی نێوان رۆلەکانی عیراق لە عەرەبو کوردو کەمایەتیەبراکانو بۆ گونجان لەگەڵ بیروباوەڕە دیموکراتی یەکانی شۆڕشی هەڤدەی تەموز بۆ ئەمەلبوون بە بەڵێنەکەیو بۆ جێبەجێ کردنی بەیاننامەی یانزەی مارتی ١٩٧٠و بۆ جێبەجێ کردنی ئەو شتەی لە بەرنامەی کاری نیشتمانیدا هاتووەو بۆ جێگیرکردنی خەباتی ناوکۆیی و سوودوقازانجی هاوبەشی بۆ گشت رۆلەکانی گەلو ئەوەی کە گشت هێزە نیشتمانیو نەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکان لە پێناویدا تێکۆشاونو داوایان کردووە.. **ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدا ئۆتۆنۆمی لە ناوچەی کوردستاندا بچەسپێنێ ·**

چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی لەوناوچەیەدا کە زوربەی دانیشتوانی کوردنو لەسەر چەند بنەڕەتێکی دیموکراتیانە ئەو رێکایانە دابین ئەکات کەبە هۆیەوە گەلی کوردمان ئەتوانێ لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتمانو لەسێبەری پەیوەندییە براییەکانو یەکسانیو لێپرسراویی هاوبەش لە نێو رۆلەکانیدا ،تەواوی مافەرەواکانی خۆی بەکاربهێنێ وە ئەمەش یەکێتی نیشتمانیو ئەو دەسکەوتانە جێگیر ئەکات کە شۆڕش لە هەموو مەیدانێکدا بۆ جەماوەر بەدیهێناونو لە پیلانەکانی کۆلۆنیالیزمو هێزە کۆنەپەرستەکان ئەیانپارێزی ،هەروەها بە تەواوەتی ( ممارسە )کردنی رۆلەکانی گەلی کوردمان لە دەزگا نیشتمانی یەکانداو دابین کردنی مافە رۆشنبیری یەکانی کەمایەتیە براکان بەپێی ئەو قانونانەی شۆڕشی هەڤدەی تەموز داینانو لە سێبەری بیروباوەڕو دامودەزگا دیموکراتی یەکانی داو لە چوارچێوەی کاری هاوبەشی نیشتمانی بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخواز دەستەبەری لابردنی ئەو زیانە ( الحیف ) ئەبن کە لەسەردەمە دیکتاتۆری و کۆنەپەرستیو سیاسەتە شۆڤێنیو ستەمکارەکانیاندا لە رۆلەکانی گەلی کوردمان کەوتوەو راپەڕینێکی سەرتاپاگیری ئابووریو کۆمەلایەتیو رۆشنبیری لە ناوچەی کوردستان بەدی ئەهێننو ئاسۆی فراوان لەبەردەم هەموو رۆلەکانی گەلدا ئەکەنەوە بۆ ئەوەی لەسەر رێگای گۆرانکاری یە دیموکراتیو پێشکەوتنخوازەکان بەرەو بنیاتنانی سۆشیالیستی بە بروایەکی بەتەوەوە بەرەوپێش بڕۆن ·

ئەنجومەنی سەرکردایەتی
شۆرش
١١ ئادار ١٩٧٤




ژمارە ( ٥٧٨ ) پێنجشەممە ١٢-٣-١٩٨١

Institut Kurde de Paris

# لە بیرەوەری «11»ی ئاداری پیرۆزدا



Institut Kurde de Paris

## سڵاوی وەفاداری لە رابەری کاروان هاوڕێ «صدام حسین»

سەرۆکی فەرماندەو رابەری کاروانی شۆڕشی سەرۆک صدام حسین ، وەک سەرکردەیەکی سەر بە گەل، هەمیشە لەگەڵ گەلدا ژیاوە ، بەشداری راستەوخۆی هەموو ژیانیان بووە ، وەک رۆڵەی گەلو رابەرو سەرکردە ، گەلی کوردەمان ، لەم هەڵویستە نموونەییەی سەرکردەدا ، هەمیشە جێگای بایەخی تایبەتی بووەو بەتەنگ راپەڕاندنی هەموو ئەو نەخشانەوە بووە کە شۆڕش بۆ ئاوەدانی ناوچەی کوردستانو بەختەوەری گەلی کوردو چەسپاندنی دەستکەوتی ئۆتۆنۆمی دایناون ... لەنەورۆزدا یادگارەکانی سەرۆک لەگەڵ جەماوەری نەتەوەی کوردا ، هەرگیز یاد ناچی..

لە بیرەوەری پیرۆزی چەسپاندنی ئۆتۆنۆمیی ناوچەی کوردستانی عیراقدا ، سڵاوی وەفاداریو خۆشەویستی جەماوەری نەتەوەی کورد ، لە سەرکردەو رابەری کاروان « صدام حسین »ی پاڵەوان .

### لە دوو بروسکەدا بۆ سەرۆکی فەرماندە صدام حسین

# جەماوەری ناوچەی کوردستان بەڵێن بە پتەوکردن و

# قووڵ کردنەوەی ئۆتۆنۆمی دەدەن

## وتەی هاوکاری

*لە بیرەوەری ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستاندا*

## یەک ڕیز لە پشت سەرکردایەتی حزب و شۆڕش

ئەوەبۆ شەش مانگ زیاترە ، وڵاتەکەمان ، لە جەنگێکی ڕەوادایە بۆ بەرگری کردن ، لە ماف و ڕێز و دەستەڵاتی خۆی و بەرگری کردن لە سەربەخۆیی ، بەرامبەر ، چاوبرسیەتی دوژمنایەتی کاری فارسە ڕەگەزپەرستەکان ، لەم ماوەیەدا ، ئەم وڵاتەو گەلەکەی کە یەکڕیز لە پشت سەرکردایەتیە لێهاتوەکەیەوە وەستاوە ، نموونەی دلێری جەنگاوەری و خۆڕاگەتنی سەلماندوە ، جەنگ ڕێگای بنیاتنانی نەگرتوە ، جەنگ ڕۆڵەکانی گەلی لە کاری داهێنان و بنیاتنانی پاشەڕۆژی ڕووناک تر نەخستوە


**ئێمەی نەتەوەی کورد** ، لە عیراقی شۆڕشدا ، چارەنووسی خۆمان ، لەسەر بەرزی و سەربەستی ئەم وڵاتە مەزنەدا بەدی دەکەین و لە سایەی شۆڕش و حزبە سەرکەدەکەی ئەم شۆڕشەدا **حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست** و بەرابەری سەرکردەی کاروان **صدام حسین** بە مافی ڕەوایی نەتەوەیی خۆمان شاد بووین ، لە گەرمەی جەنگی ڕەواماندا دژی فارسە ڕەگەزپەرستەکان و ئالەم مانگەدا ، بە دوو بیرەوەری مەزنی نەتەوایەتیدا ڕادەبوورین کە دەوری مێژوویان گێڕاوە لە پتەو کردنی برایەتی هەتاهەتایی گەلی کورد و عەرەبدا لە عیراقێکی سەربەست و ئازاددا . ئەویش بیرەوەری (١١) ساڵەی دەرچوونی بەیاننامەی (١١)ی ئادار و (٧) ساڵەی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانە کە دەستکەوتەی مەزنی شۆڕشی ١٧ – ٣٠ تەموزی نەمرە بۆ نەتەوەی کورد لە کوردستانی عیراقدا .

دەڵێین ئەم بیرەوەریە لەم ڕۆژگارەدا ، هاندەرێکی بە هێزتر دەبێ بۆ یەک ڕیز وەستانی زیاتری گەلی عیراق بە کورد و عەرەب و کەمایەتیە براکانیەوە لە پشت سەرکردایەتی حزب و شۆڕشەوە بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی شۆڕش بۆی بەدیهێناوین و قووڵ کردنەوەیان بەرەو زیاتر پتەوکردنی یەکیتی و سەربەرزی و ڕێزی عیراق .

لە کاتێکدا ، سەربازەکانی **قادسیەی صدام** ، مەزنترین تۆماری ئازایەتی و مەردایەتی لە بەرەکانی جەنگ دەنوێنن ، لە ناوەوەی عیراقیشدا بەردەوام دەستی بنیاتنانی پاشەڕۆژی ڕووناک تر بۆ ئەوەی نوێ دروست دەکات. لە ناوچەی کوردستانی ئێمەش، کە نەتەوەی کورد لە سایەی ئۆتۆنۆمی و بەرابەری حزبی سەرکردە **حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست** ژیانی سەربەست و کامەران دەژی ، هەمیشە بەڵێنی بەوەفایی بۆ سەرکردایەتی و ڕابەری گەل **صدام حسین** دووپات دەکاتەوە و کاروانی عیراقی سەربەرزیش لە سایەی ئەو ڕابەرە لێهاتوەدا هەر بەرەو سەرکەوتنی زیاتر دەڕواو ...

بۆ پێشەوە .

**هاوکاری**



**جەماوەری ناوچەی کوردستان بەڵێنیان داوە بە بەڕێز سەرۆکی فەرماندە کە هەموو تەقەللایەک و چالاکی بەردەوامیان بۆ قووڵکردنەوەو پتەوکردنی ئۆتۆنۆمی تەرخان بکەن .**

**ئەمەش لەو بروسکەیەدایە کە بەڕێز محمد امین محمد احمد سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەراندن بە وەکالەت ئاراستەی سەرۆکی فەرماندەی کردوەو ئەمەش دەقی بروسکەکەیە :**

بە بۆنەی بیرەوەری حەوتەم ساڵەی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانەوە، ئەو دەستکەوتە مەزنەی شۆڕشی گەل شۆڕشی ١٧ ی تەموزی پیرۆز بەدیهێناو بەڵگەی مرۆڤایەتی حزبی سەرکردەمان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستە کە گەلی کوردمان لە سایەی سەرکردایەتیە. مێژوویەکەتان بە ئۆتۆنۆمی شاد بوو کە بە حقیانەت ، شێوازێکی نموونەیی یەکیتی نیشتمانیەو هەموو جموجوڵێکی گومانی لێکراوی لە سەر وردوخاش دەبێ ، ئەو جموجوڵانەی کە لە دەستەڵاتی گەل بە کورد و عەرەب و کەمایەتیە براکان دەردەچن . لە سایەی بارو زروفی ئێستادا کە گەلەکەمان و هێزە چەکدارە ئازاکانی شەڕی عادیلانە دژی فارسە ڕەگەزپەرستەکان دەکەن بۆ سەندنەوەی مافی عیراقی شۆڕش ئەم بیرەوەریە زیاتر مانادار و قووڵ دەبێتەوە . جا بەم بۆنەیەوە . گەرمترین پیرۆزبایی لە خاوەن ڕێزتان دەکەین و بە ناوی ئەنجومەنی ڕاپەراندن و جەماوەری ناوچەی کوردستانەوە بەڵێنتان دەدەینێ کە کار بۆ قووڵ کردنەوەو پتەوکردنی ئۆتۆنۆمی بکەین ، ئێمەو جەماوەری گەلی کوردمان ، چاوەڕێی فەرمانتانین بۆ بەجێهێنانی ئەرکی پیرۆز لە نوچدان بە فارسە ڕەگەزپەرستەکان و خوێنمان لە پێناوی خاکی نیشتمان و ڕێز و سەربەستیدا هەرزانەو بڕێت .. سەرکردەی گەلەکەمان و سەرکەوتن بۆ ئێمەیە .

**محمد امین محمد احمد**
**سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەراندنی**
**ناوچەی کوردستان بە وەکالەت**

– هەروەها بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی یاسا دانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان ئەم بروسکە پیرۆزبایەی ئاراستەی سەرۆکی فەرماندە کردوە :

بیرەوەری حەوتەمی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان و دامەزراندنی دامودەزگاکانی یاسا دانان و ڕاپەراندنی لەگەڵ داهاتنی بەهارو سەرکەوتنە گەورەکاندایە کە سوپای ئازامان بە سەر فارسی دوژمندا لە جەنگی قادسیەی صدام بەدیدەهێنن ، کە جەنگی عەرەب و عیراقیەکانە بە کورد و عەرەب و کەمایەتیەکانی تریەوە کە خوێنیان لە مەیدانی جەنگی شەرەفدا تێکەڵ دەبێ بۆ بەرگری کردن لە شەرەفی نەتەوەو ڕێز و مافەکانی و دووپات کردنەوەی یەک ڕیزی و یەکگرتوویی چارەنووسی پتەوی نێوانیان . لەم بۆنەیەدا بە ناوی خۆم و ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان و جەماوەری ناوچەکەوە گەرمترین پیرۆزبایتان لێدەکەم و سوپاس و شانازی بۆ چاودێری بەڕێزتان بۆ دامودەزگاکانی و لە خوا دەخوازم سەرکەوتوو بن لە خزمەتی نیشتمانی ئازیز و سوپای نەتەوەکەمان و سەرکەوتنی تەواومان لە سایەی سەرکردایەتی لێهاتوو ئازاتاندا بۆ بەدیبێ و خوا پشتیوانی سەرکەوتنە .

**احمد عبدالقادر نەقشبەندی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی**
**یاسادانانی**
**ناوچەی کوردستان**

Institut Kurde de Paris

راپۆرت

# پێنجەم کۆنگرەی کشتوکاڵ وئاسۆیەکی رووناک لەبەردەم بەرهەمی کشتوکاڵی وڵاتدا

**لە ژێر دروشمی نەتەوەیەک لەوە زۆرتر بخوا کە بەرهەم دەهێنێ خێری لێ نابینێ بەڕێز مامۆستا طە یاسین رمضان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یەکەم جێگری سەرۆک وەزیران کاروباری دەیەم کۆنگرەی ساڵانەی کشتوکاڵی لە رۆژی چوار شەممەی ٤-٣-٨١ کردەوە .**

لە کۆنگرەکەدا ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆکی ئەنجومەنی راپەراندن بەوکالەتو ژمارەیەک لە ئەمیندارە گشتیەکانی ناوچەی کوردستان وژمارەیەک لە بارێزکارەکانی وڵات ئامادە بوون .

لە سەرەتادا بەڕێز عامر مهدی صالح وەزیری کشتوکاڵو چارەسەرکردنی کشتوکاڵ وتارێکی خویندوە تیدا سوودی کۆنگرەکەی دووپات کردەوەو بەتایبەتی لەم کاتی جەنگەدا کە ئەمە یەکەمین کۆنگرەی کشتوکاڵیە دوای بڕیاردان لەسەر کارنامەی تایبەت بە ئاسۆکانی کاری کشتوکاڵی بۆ پێنج ساڵی داهاتوو دەبەستری هەروەها بەڕێز عبدالوهاب محمود وەزیری ئاودێری ووتەیەکی خوێندەوە تێدا سوودو گرنگیەتی کۆنگرەکەی دووپات کردەوە هەروەها دووپاتی ئەوەی کردەوە کەوا سەرکردایەتی شۆڕش سەرەڕای ئەو بارو دۆخەی ئێستا تێدابن بایەخیکی تایبەتی داوە بۆ بەجێهێنانی پرۆژەکانی پەرەپێدان ، هەروەها بەرێز سعدون مصطفی جێگری یەکێتی گشتی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران لەووتەکەیدا پەنجەی بۆ ئەوە درێژ کرد کە دەبێ هەمووان بەشداری بکەن لە جێبەجێکردنی نەخشە کشتوکاڵیەکاندا ، لەدواییدا باسی چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆژە کشتوکاڵیەکانی ساڵی ١٩٨٠کرا لە ئەنجامدا شەش لیژنە پێك هێنرا کە باسی ئەنجامەکانی نەخشەی کشتوکاڵی ساڵی ٨١-١٩٨٢ بکاتو هەریەکێك لەم لیژنانە لە ئەرکو پێویستیەکانی خۆی کۆڵیەوە بۆ پێشخستنی رەوتی کشتوکاڵ لە وڵاتە خۆشەویستەکەماندا .



## ئاهەنگ گێران بە بۆنەی بیرەوەری دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان ونەورۆزەوە

**لیژنەی باڵای ئاهەنگ گێران لەناوچەی ئۆتۆنۆمی لەبیرەوەری دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمیو جەژنی نەورۆز بڕیاریدا کە ئەودوو بۆنەیە هەلێك بێت بۆ دووبات کردنەوەی کۆبوونەوەی گەلەکەمان لەدەوری شۆڕشە مەزنەکەیو ئامادەبوونی بۆخۆبەخت کردنو فیداکاری لەجەنگی قادسیەی صدامدژی فارسە رەگەزپەرستەکان.**

لیژنەکە لەیەکەم کۆبوونەوە کە لەمدواییەدا بەسەرۆکایەتی بەڕێز محمد امین محمد احمد سەرۆکی ئەنجومەنی راپەراندنی ناوچەی کوردستانی بەوەکالەت کردبووی بڕیاری داوە ئاهەنگێکی گەورەی هونەری لە ١١ ی ئازاری ئێستا سازبکرێتو بلیتی پیرۆزباییو شیرینیش لە ١١ و١٢ی ئازاردا دابەش بکرێت . هەروەها لیژنەکە بڕیاری لەسەر هێڵەی سەرەکییەکانی ئاهەنگ گێران لەپارێزگاکانی ناوچەکە بەو دوو بۆنە نەمرەیەوە داوە کە بریتییە لەسازکردنی میهرەجانو پیشانگای هونەریو پێشبرکێی وەرزشو رازاندنەوەی مەیدانو جادەکانی شارەکان.. هەروەها پێدهێنانی میهرەجانێکی گەورەی جەماوەری بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لەهەموو پارێزگاکانی ناوچەکەداو. رێزلنیان لەپێنج خێزان کە گەورەترین ژمارەی لەرۆڵەکانی لەجەنگدان .


### ژمارەی داهاتووی شمان تایبەتی دەبێت

خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەین کە ژمارەی داهاتووی رۆژنامەی « هاوکاری » تایبەتیەو بە ( ٢٠ ) لاپەرەی رەنگاو رەنگ بەبۆنەی جەژنی « نەورۆز »ی پیرۆزەوە کە سەرکردایەتی شۆرش ئەمرۆژەی کردە پشوی رەسمی وەك جەژنی نەتەوایەتی گەلی کوردو جەژنی هەموو گەلی عیراق لەم ژمارەیەدا دەیان نووسەرو شاعیری کورد بەشداری دەکەن . بۆ ئەم مەبەستە سەرنجی خوێنەران رادەکێشین .

● هاوکاری ●


## قوتابیان

### دەوری قوتابیانی کوردستان لە جەنگی قادسیەی صدام دا

**بێ گومان جەماوەری قوتابیانی کوردستان وەك هەموو چینەکانی تری ناو کۆمەڵ دەورێکی کاریگەرو گرنگیان لە جەنگی سەربەرزیو شکۆمەندیدا هەیە .. جەنگی قادسیەی صەدام دژ بە فارسە رەگەزپەرستەکان .**

بەراستی قوتابیانی کوردستان لە خەباتی بێووچانو درێژخایەنی ئەمڕۆدا توانیویانە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵسنو ئەولێپرسراوێتیە جێبەجێ بکەن کە کەوتووەتە ئەستۆیان.. قوتابیانمان هەردەم توانیویانە بە دەستێك پێنووسو بەودەستەکەی تر چەك هەڵبگرن دژی ئەو بەکرێگیراوە فارسانەی کە لە ئێراندا فەرمانڕەوایی دەکەن ..

قوتابیانمان لە ناوچەی کوردستاندا هەر دەم خەباتو تێکۆشانی خۆیان کردووە بۆ ئەوەی بە زانستو زانیاریو چەك خزمەتی ئەم جەنگە ڕەوایە بکەنو شان بە شانی برا سەربازە دلێرەکانمان هاوبەشیی ئەم جەنگە بکەنو سەرکەوتن دوای سەرکەوتن وەدەست بهێنن ..

قوتابیان جگە لە بەشداری کردنی ئەم جەنگە پیرۆزە چەند ئەرکێکی پیرۆزی تریان ئەنجام داوە لەمانە هاوبەشی کردن لە کەرتەکانی سوپای میللیو خۆبەخشانە بارەو مەڵبەندەکانی بەرگری شارستانی جگە لە خزمەتکردنو یارمەتیدانی ئەو خێزانانەی کە بە هۆی بۆردومانەوە زیانیان لێ کەوتبوو

قوتابیانی کوردستان هەردەم گوڵی گەشاوەو بۆندار بوونو لە مەیدانی خوێندنیش دا هەوڵو تەقەلای خۆیان راپەراندووەو درێغییان نەکردووەو .. هەمیشە بەلایەنگیریو پشتگیریی تاکە ڕێکخراوەکەیان کە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانە خەباتیان کردووە بۆ خزمەتکردنی ڕێبازی شۆرشی ١٧-٣٠ی تەمووزو پاراستنی دەستکەوتە پیرۆزەکانو هێنانەدیی ئامانجەکانی لە یەکێتیو ئازادیو سۆشیالیستیدا .

**بە هاریکاری لەگەل مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان**

### لە ناوچەی کوردستان
## گۆرانی بۆ گیانی سەرکەوتن دەڵێین

● **بەتەلەفون لە نووسگەی هەولێرەوە :**

لەژێر دروشمی ( گۆرانی بۆ گیانی سەرکەوتن دەڵێین )و بە چاودێری بەڕێز محمد امین محمد احمد سەرۆکی ئەنجومەنی راپەراندنی ناوچەی کوردستان بەوەکالەت ، ئەمانەتی گشتی رۆشنبیریو لاوان - بەرێوەبەریتی رۆشنبیری ، میهرەجانێك بۆ گۆرانی سیاسی ناوچەی کوردستان لە ١٤-٣-١٩٨١دا ساز دەکات ، کە سروودو گۆرانی بەبۆنەی سەرکەوتنە مەزنەکانی سوپای ئازامانەوە لە جەنگی قادسیەی صدامدا پێشکەش دەکرێو میهرەجانەکە لە ئێوارەی ئەو رۆژەداو لەهۆڵی چالاکیەکانی ئەمانەتی گشتی رۆشنبیریو لاوان دەبێت .

Institut Kurde de Paris

مامۆستا بکر محمود رسول :

# تاقی کردنەوەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عیراق مەشخەڵێکە بۆ پارچەکانی تری کوردستان

*



● بەبۆنەی بیرەوەریی (١١) ساڵەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠و بیرەوەری حەوتەمی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی .. «هاوکاری» بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵ مامۆستا بکر محمود رسوڵ سەرۆکی یەکەم ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان کە ئیستا وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتییە دیدەنی کردو ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ سازدا :

● بەو پێیەی کە بەڕێزتان یەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان بوون دەمانەوێت هەڵسەنگاندنێکی کاروانی ئۆتۆنۆمییەو سەردەمەو ئێستا بۆ خوێندەوارانی هاوکاری [illegible]ەوون .

– بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کێشەیەکی ئەڵێک کۆنو قووڵی چارەسەر کردو هەنگاوێکی دڵخۆشکەر بوو بەنیسبەت گەلی کوردەوە لە هەمان کاتدا هەنگاوێك بوو بۆ بەرەو پێش چوونو چەسپاندنی ئۆتۆنۆمیی کوردستان . لە ماوەی چوار ساڵی تەمەنی بەیاننامەکەدا چەندەها پرۆژەی بەنرخو گەورە لە کوردستاندا دامەزراو رێگە لە بەردەم ئەدیبانو رۆشنبیرانی کورد کرایەوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەو وێکخراوی رۆشنبیری وەك یەکێتی نووسەرانی کوردو ترتابیانو یەکێتی لاوان و ئافرەتانو گەلێ رێکخراوی تر .

ئەم رێکخراوانە لە سایەی شۆڕشی ١٧ی تەمووزەوەو یارمەتییەکانیدا کەوتنە کار و هەریە کەلەمەبدانی خۆیەوە بە جوانی دەوری بینیو ئەمە بووە هۆی پەرەسەندنو پێشکەوتنی ئەدەبو رۆشنبیریی کوردیو چالاکییەکی زۆر کەوتە ناو هەموو لایەنێکەوە . لە دوای ئەوەی چوار ساڵ بەسەر دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئازار تێپەڕیو بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنەی کە سەرکردایەتی حزبو شۆڕشدا بووی کۆبوونەوەیەکی فراوان بە ئامادەبوونی سەرۆکی فەرماندە صدام حسینو ئەندامانی بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخوازو پیاوە ناسراوەکان لە ئەنجومەنی نیشتمانی پێكهات ، بە ووردی لە یاساکە کۆ ڵرایەوەو لەسەر رێککەوتنی هەموو لایەنێك یاساکە دەرچوو . لە دوای دەرچوونی یاساکە دەستووری کانی گۆڕراوهەردوو ئەنجومەنی یاسادانانو راپەڕاندن لەسەر ئەو بناغەیە دامەزران ئینجا یەکەم دەورەی ئەنجومەن دەستی پێ کردو هەر زوو حزبو شۆڕشیان کردو بە

بەزوو کاربەدەستان قۆڵی مەردانەیان لێ هەڵکردو کادیری ئیداریو هونەری بەپێی توانایان بۆ هەردوو ئەنجومەنەکەو ئەمانەتە گشتییەکانی ئامادە کران .. هەر دوابەدوای ئەمە کەوتنە راپەڕاندنی کاروباری خۆیانو راپەڕاندنی ئەرکی سەرشانیان . سەرەڕای ئەو کۆسپو تەگەرانەی کە دەهاتنە رێگایان .

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەحازرەکانی ئەو کاتەش ئەو دەستککەوتانەمان بەر چاو دەکەوێت کە لە یەکەم دەورەی ئەنجومەنەکەدا هاتنە کایەوە هەرچەندە ماوەیەکی کورت بەسەر دامەزراندنی دامو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا تێپەڕ بڕو بوو .. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە خەلکەکە بە دلسۆزییەوە پێشوازی ئەم هەنگاوەی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشیان کردو بە بەگەرمییەوە بەرەو پیری هاتن .

**سەرۆکی فەرماندە صدام حسین لە ئاراستەکانیدا هەمیشە دووپاتی کردۆتەوە کە هەموو لایەنێك دەبێت هەوڵو کۆششی خۆی بخاتە کار بۆ بەرەپێدانو پێشخستنی ئۆتۆنۆمیی ناوچەی کوردستان بۆ ئەوەی ببێتە مەشخەڵێك بۆ پارچەکانی تری کودستانو لە هەموو بۆنەیەکدا ئەمەی دووبارە کردۆتەوە .**

دیارە ئۆتۆنۆمی لە هەموو وولاتێکدا بۆ دابین کردنی مافی نەتەوایەتی رەوایە لەو ولاتانەی کە زیاد لە نەتەوەیەك تێدا دەژێتو نەتەوە گەورەکە حوکمی ولات دەکات . ئەم هەنگاوەی ئێمەیش تاقی کردنەوەیەکەو لە هەموو لایەك هەوڵی سەرکەوتنو پەرەسەندنی دەدرێتو سەرکردایەتی حزبو شۆڕشیش بایەخێکی گەورە بە چارەسەرکردنی هەموو کەمو کوڕییەکانی دەداتو هەر کۆسپێك کە دێتە بەردەم دامو دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە ئاسانی لا دەبات .

تاقی کردنەوەی ئۆتۆنۆمی لەم وولاتەدا بەڵگەیەکی بە هێزی ئەو پەیوەندییە مێژووییەیە کە لە نێوان گەلی کوردو عەرەبدا هەیەو ئەوە دەردەخات کە گەلی کورد لەگەڵ نەتەوەی عەرەب زیاتر دەتوانێت بژێت بە پێچەوانەی فارسە رەگەزپەرستەکان کە لە مێژەوە کەوتوونەتە گیانی گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێرانداو چەندین نامرۆڤانە بەرانبەری گەلەکەمانیان بەکار هێناوەو ئێستاکەش هەر وەکو زەمانی شای گۆڕبەگۆڕ کراو خومەینیو تاقمە رەگەز ـ پەرستو نەزانەکەی هەمان رێبازی شایان گرتۆتە بەرو هەر لەو رۆژەی کە دەسەڵاتیان کەوتە دەست .. فرۆکەو تانكو تۆپەکانیان ناردە سەر شارو گوندەکانی کوردستانو دەیان سێدارەیان بۆ رۆڵە قارەمانەکانی گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێراندا بە بیانووی بەرهەڵستی کردنی پاسدارەکانی خومەینیو فەرمانەکانی دامەزراند .

بەڵام چەکدارە نەبەردەکانی کوردستانی ئێران هەرگیز لە کردەوەکانی ئەم تاقمە دواکەوتووە ناترسێنو چەك لە شانیان ناکەنەوە تا وەکو مافەرەواکانی خۆیان بەپشتیوانی هێزە پێشکەتنخوازەکانی ئێرانو دەوڵەتەکانی تر وەدی نەهێنن .. بێگومان عێراقیش کە هەر لە یەکەم رۆژی شۆڕشی ١٧ تەمووزەوە دەستی چەوساوەکانی هەموو گەلانی گرتوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان لە بووچوونێکی مرۆڤایەتییانەوە سەیری بزووتنەوەی گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێراندا دەکاتو بە هەموو هێزو توانایەکەوە پشتیوانی گەلی کوردی کوردستانی ئێران دەکات بۆ وەدەستهێنانی مافە رەواکانی خۆی .

لە دوایدا هیوادارم هەردوو ئەنجومەنەکە لە ماوەی داهاتوودا بە رێکوپێکی ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ بکەنو ببنە جێگەی رەزامەندیی هەموو لایەنێك .

Institut Kurde de Paris

## هاوڕێ عبدالستار طاهر شریف:

# چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی عیراق، یەکێتی گەلی کوردو عەرەبی پتەوتر کرد

**بە بۆنەی بیرەوەریی دوانزدە ساڵەی دەرچوونی بەیاننامە مێژووییەکەی (١١)ئاداری ساڵی ١٩٧٠و یادی هەشت ساڵەی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی عیراق، هاوكاری لە بارەگای پارتی شۆڕشگێری کوردستان، چاوی بە هاوڕێ عبدالستار طاهر شریف سکرتێری لیژنەی مەرکەزی پارتی و ئەندامی لیژنەی باڵای بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز کەوت و دەربارەی ئەم دوو بیرەوەرییە پیرۆزە ئەم وتووێژەی لەگەڵدا کرد.**

**هاوكاری:** دەمانەوێ، بە کورتی باری سەرنجی خۆتان دەربارەی هەڵسەنگاندنی کاروانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان لەم بیرەوەرییەدا روون بکەنەوە.

**- گومان لەوەدا نییە کە ڕێڕەوی بەیاننامەکەی ١١ی ئادارو ڕاپەراندنی یاسای یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان ڕەنگ دانەوەی باوەڕی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد،** هەروەها ئەنجامی خەباتی دوورو درێژی نەتەوەی کوردە لە پێناوی بەدی هێنانی مافی نەتەوایەتیدا، هەروەك لە کۆڕێکدا سەرۆکی فەرماندە صدام حسین دووپاتی کردەوە کەوا گەلی کورد ئەگەر دەستی نەدایاتە چەك، لە خۆوە حوکمی زاتی نەدەدرایێ، هەرچەندە مەسەلەی وەرگرتنی مافی نەتەوایەتی لە ئەنجامی شۆڕشێکی نەتەوایەتی درێژخایەندا هاتە دی کە لە کە لە ١٩٦١وە تا ١٩٧٠نی خایاند کە بەیاننامەکە دەرچوو **بەڵام بە باوەڕی ئێمە، ئەگەر حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لە عیراقدا نەهاتایەتە سەر حوکم، حکومەتەکانی بەر لە شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەموزی ١٩٦٨ زۆر دوور بوون لەوەی دان بە مافی نەتەوایەتیی گەلی** کوردا بنێن سەرەرای لاوازیی ئەو رژێمانە لە بەر ئەوەی لە بنەڕەتدا رژێمی تۆنەپەرست باوەڕی بە مافی نەتەوایەتی ئەو گەلە بچووکانە نییە کە لەگەڵ گەلی حوکمران دەژین، نموونەی رژێمی رەگەزپەرستی ئیستای خومەینی لە ئێراندا بەڵگەی ئەم بۆچوونەمانە، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی کە گەلی کورد، لە کوردستاندا، بە مافی ئۆتۆنۆمی شاد بووە بەدی هێنانی ئەم مافە رەوایە یەکێتی کوردو عەرەبی لە عیراقدا زیاتر پتەو کردووەو لەم ماوەیەدا گەلی کورد، جگە لەوەو دەستکەوتانەی شان بە شانی گەلی عەرەب لە عیراقدا بۆی بەدی هاتووە بەتایبەتی دەستکەوتی خۆماڵی کردنی نەوت و یاسای ژمارە ٩٠ی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ بەرامبەر یاسای ژمارە ١١٧ی ١٩٧٠ کە بۆ گشت عیراق بوو لەگەڵ چەندان دەستکەوتی تردا وەك زامنی کۆمەڵایەتی و خوێندنی ئیلزامی و خوێندن بە خۆرایی لە هەموو قۆناغەکانداو نەهێشتنی نەخوێندەواری و چاککردنی باری گوزەرانی هاووڵاتیان و رێکادان بە حزبە نیشتمانیەکان و نەقابەکان، دەڵێم جگە لەم دەستکەوتە گەورانەی بۆ تێکرای گەلی عیراق بەدی هاتوون لەم ماوەیەدا، گەلی کورد بۆتە خاوەن مافی ئۆتۆنۆمی خۆی لە ناوچەی کوردستانداو ئەنجومەنەکانی یاسادانان و ڕاپەراندن چەسپان و کاروباری خۆیان رابی دەکەن و چەندان پرۆژەی ئاوەدانی و ئابووری و ڕۆشنبیری و دارایی و کۆمەڵایەتی و ڕێگاو بان و پرۆژەی کارەباو ئاوو ئاوەدانکردنەوەی هاوبنە هەوارەکان بەدی هاتوون و لەم ساڵانەدا بایەخێکی دیارو تایبەت بە ناوچەی کوردستان دراوە تا ئەو کەم و کورتیانە پڕ بکرێتەوە کە ساڵانی رابوردووی بەر لە بەدی هێنانی ئەم دەستکەوتە مەزنە تووشی ناوچەی کوردستان بوو بوون.

● **هەروەها هاوڕێ عبدالستار طاهر شریف دەربارەی دەوری پارتی شۆڕشگێری کوردستان وەك لایەنێك لە بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە قووڵ کردنەوەی ئەم دەستکەوتە مەزنەدا ووتی:**

- پارتیمان، پارتی شۆڕشگێری کوردستان وەك لایەنێك لە بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە کۆتای ساڵی ١٩٧٢وە چالاکی پارتایەتی خۆی دەست پێ کردەوەو لە ساڵی ١٩٧٥وە لە بەرەی نیشتمانی بوو بە ئەندام و لە کوردستاندا بەتایبەتی چالاکی خۆی لە ریزی جەماوەردا نواندووەو دەنوێنێ، پارتیمان وەك پارتێکی کوردستانی شان بە شانی حزبە سیاسیەکانی تر چالاکی خۆی لە قووڵ کردنەوەی کاروانی ئەم دەستکەوتە مەزنەدا دەنوێنێ، هەرچەندە ژیانی پارتایەتی دوای بەیاننامەی ١١ی ئادار بە هۆی هەڵوێستی درندانەو تاك رەوی تاقمەکەی مەلا مستەفای بارزانیەوە تووشی کۆمەڵێ گیروگرفت بوو بەڵام پارتیمان بە پێی توانا هەمیشە تەقەلای ئەوەی داوە جێگای باوەڕی جەماوەری کوردستان بێ

پشتیوانی پتەوکردنی یەکێتی تێکۆشانی کوردو عەرەب، ئەوەی جێی شانازییە

پارتیمان راستەو خۆ بەشداری جەنگی رەوای گەلەکەمانی کردووە دژی دەست درێژیەکانی رژێمی رەگەز پەرستی ئێران ئەویش لە رێگای دروست

کردنی چەند کەرتێکی سوپای میللیەوەو گەلێ ئومیدەوارین هەر وەك لە تاقی کردنەوەی هێزە چەکدارە ئازاکانی عیراقدا برایەتی کوردو عەرەب گەیشتە لوتکەی پتەوی و هێلی بەیانی لە بوارەکانی تریشدا هەمان قۆناغ ببڕێ.

# پارتیمان پشتیوانی دڵسۆزی ڕێڕەوی کاروانی سەرکەوتووی یەکێتی نیشتمانی عیراقە




باوەڕەداین کە بەهاوکاری برا عەرەبەکانمان و بە تێکەڵاوی لەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕشی ١٧ی تەمووزدا بە سەرکردایەتی سەرۆك صدام حسین بە ئیش کردن عیراقێکی پێشکەوتوو دادەمەزرێنین و ئەمە تاکە رێگایەکە کە گەلی کورد بتوانێ بە سەربەستی بژێ و هەر ڕێگایەکی تر ڕێگای ناحەزو دووژمنانە کە دەیانەوێ عیراق بروخێنێ و بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی تاریکی، بەڵام ئەمە ڕۆیش، چونکە شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووز لە سەر بناغەیەکی قایم دروست کراوە کە هیچ لە توانادا نی یە ئەم ڕۆژە بێتەوە چونکە عیراق گەیشتووەتە رادەیەك هەموو ئامانجێکی نیشتمانی و نەتەوەی جێبەجێ بکات و بەشێکی زۆریشی کردووەو بەرەو ئەوە دەچین ئەوەی کە ماوە بەجێی بهێنین

● باشە دەمانەوێ بەڕێزتان وەك سکرتێری لیژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان باری سەرنجی بەڕێزتان روون بکەنەوە دەربارەی هیواو ئاواتتان بەکاروانی ئۆتۆنۆمی؟

● وەك سکرتێری پارتی ئەو پارتی یەی کە یەکێکە لە ئەندامانی بەرەی نیشتمانی، ئێمە دوا ڕۆژو داهاتووی ئۆتۆنۆمی گەش و روناك دەبینین و بۆ ئەوە دەچین کە بگات بە هەموو ئامانجێکی خۆی لەگەڵ گەیشتنی عیراق بە هەموو ئامانجێکی خۆی چونکە دانان و چەسپاندن و پێش کەوتنی ئۆتۆنۆمی یەکێکە لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی شۆڕشی ١٧ی تەمووزو بە لێکدانەوەی خۆم میللەتی کورد دەبێتە قەڵاتێکی بەرز وەك بەرزی شاخەکانی بۆ پاراستنی و وڵات و پاراستنی رژێم. هاووڵاتی کوردیش دەبێتە یەکێك لەو هاووڵاتیانەی کە بەسەر بەرزی و ئازادی و خواستی خۆی بژی و خزمەتی وولات بکات.

Institut Kurde de Paris

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستان



لە نوسینگەی هەولێرەوە
عبد الوهاب طالبانی

# ❁ خەڵکی کوردستانی عێراق ئامادەن بەگیان بەرگری
# لە سنوور و کەرامەتی خاکی عێراق بکەن
# ❁ بوودجەی ئەمساڵی ناوچەی کوردستان نزیکەی ١٧ ملیۆن
# دینار لە بوودجەی ساڵی ڕابوردوو زیاترە

**لە بارەگای ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستان، چاومان بە مامۆستا محمد امین محمد احمەدی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ناوبراوو ئەمینداری گشتی ناوخۆ کەوت ، بە بۆنەی تێپەڕبوونی ١١ ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەی بەیاننامە مێژوویی یەکەی ١١ اذاری ٩٧٠و تێپەڕبوونی ٧ ساڵ بەسەر جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی لە کوردستاندا گفتوگۆیەکمان لەگەڵدا کرد ..**

**● مامۆستا محمد امین داواکارین باسێکی ئەو چالاکیانەمان بۆ بکەن کە دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی کردوویانە بۆ پشتگیری کردنی جەنگی ڕەوای وڵاتەکەمان دژی تاقمە ڕەگەزپەرستەکەی خومەینی .**

ـ ناوچەی کوردستان چالاکی یەکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە بۆ پشتگیری کردنی جەنگی ڕەوای وڵاتەکەمان دژی دەستدرێژیو تەماحکاری تاقمە ڕەگەزپەرستەکەی ئێران ، بۆ نموونە خەڵکی ناوچەکە ، فەرمانبەران و کرێکاران خوێنیان پێشکەش کردوەو ، پیاوە بە تەمەندا چووەکانیش ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە بچنە ڕیزی سوپای دلێرمانەوە ، هەروەها لە هەموو دائیرەکاندا لیژنەی بەرگری شارستانی دامەزراوەو دەتوانم بڵێم کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئامادەن بە ماڵو بەگیان بەرگری لە سنوورو کەرامەتی خاکی عیراقمان بکەنو تێکڕا لە دەوری ئاڵای سەرکردایەتی سیاسی وپێشەوا صدام حسین کۆبوونەتەوە .

**● ئایا دەتوانین شتێک دەربارەی بوودجەی ئەمساڵی ناوچەی کوردستان بزانین ؟**

ـ بوودجەی ساڵی ڕابوردوو ـ١٩٨٠ـ خۆی دەدا لە پەنجاو حەوت ملیۆنو سێ سەدو چوار هەزارو حەفتا دینار (٥٧٣٠٤٠٧٠) بەڵام بودجەی ئەمساڵ هەفتاو چوار ملیۆنو پەنجاو دو هەزار دینارە ، واتە بوودجەی ئەمساڵ (١٦٧٤٧٩٣٠ ) دینار لە ساڵی پار زیاترە ، بێگومان ئەم زیادەیە بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزاری یەکانی تەندروستیو کۆمەڵایەتیو پەروەردەو فێرکردن هاتووە، هەروەها بە هەندێ لەم زیادەیە پێویستی یەکانی بەرگری شارستانی دەکڕێ وەکو ئامێری ئاگادارکردنەوەو ئاگر کوژێنەوەو هەروەها مەبەستێکیشی تری لەم دواوەیە ئەویش پەرەپێدانی توانای شتو مەک کڕینو زۆرکردنی داهاتی هاووڵاتی یەکان کە ئەمە بە دەنگەوە چوونی بڕیارەکانی ئەم دوایەی سەرکردایەتی شۆڕشە .

**● ئەوی سەرنج ڕادەکێشێ هەندێ لە خزمەتگوزاری یەکانی شارەوانی لە ناو شاری هەولێردا بە گوێرەی پێویست نیە . ئایا هیچ ڕوونکردنەوەیەکتان لەم بارەیەوە هەیە ؟**

ـ لای هەموو هاووڵاتی یەکان ئاشکرایە کە شارەوانی یەکانی وڵات تا ئێستا هەندێ گیروگرفتی تایبەتی خۆیان هەیە ، کە هی ئەمڕۆ نین بەڵکو پاشماوەی سەردەمەکانی پێشوون ، بەڵام حاڵی حازر سەرکردایەتی شۆڕش گرنگی یەکی تایبەتی بەم شارەوانیانە داوەو ، ئێستا شارەوانی یەکانی ئەم ناوچەیە خەریکی جێبەجێکردنی گەلێ پرۆژەی گەورەن بێگومان کە تەواو دەبن کارێکی گەورە دەکەنە سەر دیمەنی شارەکانو ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە سەرۆکی پێشەوامان هەڤاڵ صدام حسین پارەیەکی زۆری بۆ ئەم مەبەستانە پێشکەش بە شارەوانی هەولێر کردو ، ڕای دەگەیەنین کە ئەمساڵ دەست دەکرێ بە پرۆژەی هەڵکەندنی زێرابەکانی شارو بۆ ئەم مەبەستە ( ١٢ )ملیۆن دینار تەرخان کراوە ، تەواو بوونی ئەم پرۆژەیە بەرگێکی پاکو تەمیزی نوێ دەکاتە بەر هەولێر ، هەروەها ئێستا خەریکی تەواوکردنی پرۆژەی ئاوی هەولێرینو ، شەقامو کۆڵانەکانیش وابزانم شارەوانی بەردەوام خەریکیەنی بۆ چاککردنیان ، بەڵام ئەگەر هەندێ کەمو کوڕی هەبێ ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ کەمی قیرو چیمەنتۆ .

**● نیشتەجێکردن یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی کە شۆڕش هەنگاوی چاکی بۆ پەرەپێدانو زۆرکردنی داوە ، لە کوردستاندا تاچ ڕادەیەک گرنگی بەم لایەنە دراوە؟**

ـ پرۆژەکانی نیشتەجێکردن ، بەشێکە لەو هەنگاوانەی کە سەرکردایەتی شۆڕش جێبەجێیان دەکا لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەکە لە سەراپای وڵاتدا ، حاڵی حازر لە کوردستاندا دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی خەریکی دروستکردنی ( ١٣٤٢٧ )خانوو ئەپارتمانن ، «٢٦٦٦»خانوویان ئەپارتمان لە هەولێرو «٢٠» ملیۆن دیناری تێدەچێو ٣٢٢٧٧ خانوو ئەپارتمان لە سلێمانیو زیاتر لە ٣٦ ملیۆن دیناری تێدەچێو ٧٥٣٤خانوو ئەپارتمان لە دهۆکو زیاتر لە ٩٤ ملیۆن دیناری تێدەچێ ، ئەم پرۆژانە هەمووی لە پرۆگرامی بەکاربردنی ١٩٨١دا بڕیاریان لەسەر دراوەو هەندێکیان لە لایەن دەزگا ناوەندی یەکانەوە جێبەجێ دەکرێنو هەندێکی تریان لە لایەن دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی یەوە

# ئۆتۆنۆمی لە سێبەری شۆ

بێگومان بزووتنەوەی نیشتمانیو هێزە شۆڕشگێڕەکانو جەماوەری ئازای ئەو سەردەمەی عێراق هەردەم لە بەرهەڵستیو تێکۆشاندا بوون لە رووی ئەورژێمانەی کە لەسەر تەخت بوون بۆ لەناو بردنیانو گۆڕینی باری وڵات ٠٠ ٠٠

ئەوەبوو لە ئەنجامی ئەو بەرهەڵستی یانەدا شۆڕشی ١٧ – ٣٠ ی تەموزی نەتەوایەتیو پێشکەوتنخواز لە سالی ١٩٦٨ دا بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەرپابوو وەزعی عێراقی بە تەواوی گۆڕیو خستی یە قالبێکی دیکەی جیاوازەوە .

لەو کاتەدا گرنگترینو ئالۆزترین کێشەنە کە بەرەو رووی شۆڕش بووەوە ، کێشەی کورد بوو بۆیە شۆڕش لەو کاتە ناخۆشەدا کۆمەڵێ سنووری ئاساییو بنەڕەتی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەسەلەیە دانا ئەمەش لە بەشی سێیەمی راپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی هەرێمانەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی کە سالی ١٩٧٤ بەسترا هاتووە

**بزووتنەوەی نەتەوایەتی ی کوردی لە عیراقدا سەرەڕای ئەو ئالۆزی یە مێژوویانەی کە بەرەنگاری بووە بەڵام لە رووی جەوهەرو بنەڕەتەوە جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتی یەو لە سنووری داوا کردنی مافی رەوای گەلی کورددا کە لە ەرووبانەوە ئۆتۆنۆمی یە بۆ کوردستانلە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا هەوێ پێویستی مەبەئیانەو واقیعی خۆی هەیەولەم چوارچێوەیەدا بەشێکی سەرەکی بزووتنەوەی نیشتمانی یە لە هەرێمی عیراقدا**

لەو روانگەیەشەوە ( کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی حزبێکی نەتەوایەتیو مرۆڤایەتیو سوشیالستیو دیموکراتی یە، زۆر ئاسایی یە کە بە شێوەیەکی جوان ولەبار لەمافو داواکانی گەلی کورد تێ بگاتو لە پێناویاندا تێ بکۆشێتو هەوڵ بدات جێبەجێیان بکات» بەرنامەی ئاشتیو دیموکراتیانەش کە حزب پشتیان پێدەبەستێتو لەسەر ئەو جۆرە رێڕەوانە دەڕوات زۆر رێکە بەلایەوە کە مەسەلەی کورد بخاتە قالبێکی پاکەوەو بە شێوەیەکی دلسۆزانە بێتە کایەوە لەگەل هێزە نیشتمانیو پێشکەوتنخوازە کوردی یەکاندا لە چوارچێوەی کاری نیشتمانیدا ٠٠٠٠ بۆیە لەکاتی سەرهەڵدانی یەوە بە هەموو شێوەو رێگایەکی لەبار هاتە کایەوە بۆ جێبەجێ کردنی مەسەلەکە کە گەیشتبووە ئەوپەڕی ئالۆزیو نالەباری ٠٠٠٠٠٠ بەم جۆرە شۆڕش توانی لەسەر بناغەیەکی قایمو بەهێز لە رووی تیووریو بەکردەوەو سیاسیانە مەسەلەی کورد جێبەجێ بکات ئەمیش بەدەرکردنی بەیانی مێژوویی ١١ی ئازار کە بە خالێکی گرنگ ئەژمێررێت لە تێکۆشانی گەلی کورددا ، هەرچەندە لە پێش ئەم بەیانەشدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش گەلێ بریاری دەرکرد دەربارەی مافی رۆشنبیری گەلی کوردو فێربوونو خوێندن بە زمانی خۆیانو دامەزراندنی گەلێ دامودەزگای رۆشنبیریو داپۆشینی کەمو کوڕی یەکانیانو یارمەتی دانیان بە پارەیەکی زۆر ، بەڵام لە دوای بەیانەکەدا شتی تر رووی داو بارودۆخی کورد بە

یەکجاری گۆڕاو یەکستانی نەتەوایەتی رۆشنبیریو ئابووریو سیاسی وەدەست هات لە سەرانسەری وڵاتدا. لەبارەی بزوتنەوەی رۆشنبیر یشەوە گەلێ دامو



دەزگای گەورەو بە کەڵک کرایەوە وەکو :

« بەڕێوەبەرێتی ی گشتی خوێندنی کوردی » کە سەر بە وەزارەتی کاروباری سەرو بوو ئێستا خراوەتە سەر وەزارەتی پەروەردە « بەڕێوەبەرێتی ی رۆشنبیری ی گشتی » کە لەم دوایانەدا بوو بە دەزگای رۆشنبیریو بلاو کردنەوەی کوردیو رۆژنامەی هاوکاریو گۆڤاری بەیانو رۆشنبیری نوێ بە شێوەیەکی جوان دەرئەکاتو ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیبو نووسەرەکان لە نووسیندا بەشداری ئەکەنو بەرهەمیان بۆ ئەنێرن، بێجگە لە کۆڕی زانیاری کورد کە ئێستا بووە بە دەستەیەك لە دەستەکانی کۆڕی زانیاری عیراقی بێگومان ئەم دەزگایە بە مەلبەندێکی گەورە دائەنرێ لە جیهانی ئەدەبو رۆشنبیری کوردیداو گەلێ کاری بە کەڵکو پڕسوودی پێشکەش خوێندەواری کورد کردووە ٪ هەروەها لە سالی ١٩٧٠ دا یەکێتی ی نووسەرانی کورد دامەزرا کە لە هەرسێ پارێزگاکەی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا لقی هەیەو هەمیشە خزمەتی زمانو کە لەپوورو ئەدەبی کوردی دەکات ، سەرەڕای ئەمانەش کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی دامەزراو ئەمیش وەکو ئەوان لە خزمەتدایە خۆ لە بابەت باری سیاسیشەوە ، بەشداری گەلی کورد روونو ئاشکرایەو هەموو بارو دۆخێکی بۆ گونجاوە بۆ ئیش کردنو بەشداری رون ا دروست کردنی

تری هەمەجۆری ناو کۆمەڵ. هەروەها دەوڵەت دەستی ئەو کەسانەی گرتووەو یارمەتی داون کە کاتی خۆی رۆیشتبوونە دەرەوەی وڵاتو دوایی گەڕانەوە بۆ ریزی یەکێتی نیشتمانیو جێگەی باشی بۆ ئامادە کردن لەناو کۆمەڵە خانووی هاوچەرخدا. لە بابەت باری ئابووری یەوە سەرۆکایەتی ی سیاسیو حزبو شۆڕش گرنگی یەکی تایبەتی یان بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا چونکە لە سەردەمی پێشوودا ناوچەکە تەواو شێوابوو بۆیە لە پرۆگرامی وەبەرهێنانو نەخشەی ئابووری دانراودا پارەیەکی زۆر دانرا بۆ پەرەپێدانو ژیانەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە هەموو سەرو بارێکەوە بە جۆرێکی تێروتەسەل .

**ئۆتۆنۆمیو دامو دەزگاکانی**

بۆ بەجێهێنانی بەیاننامەی ١١ی ئازاری سالی ١٩٧٠ ، ئەوەبوو یاسای ژمارە ٣٣لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤دا دەرچوو بە ناوی ( یاسای ئۆتۆنۆمی ی ناوچەی کوردستان) و ئەم یاسایە لە سێ بەش پێك هاتووەو ئەکرێت

وڵاتێکی سەربەستدا ، ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستانو پارتی شۆڕشگێڕو زۆر رێکخراوی پیشەییو کۆمەڵایەتیو قوتابیانو ئافرەتانو لاوانو خەڵکانی

بە ٢٠ بەند راستەوخۆ پەیوەندیان بە چۆنێتی دانانی بنجوبناوانی ئۆتۆنۆمیو دامودەزگاکانیو رادەی ئیش کردنیانو توانایانو چۆنێتی کار کردنیانەوە هەیە یاساکە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەوە دیار کردووە کە بەشی هەرەزۆری دانیشتووانی کورد بێتو ناوچەکەی بە تاقە یەکەیەکی بەڕێوەبەرێتی داناوە کە لە چوارچێوەی یەکێتی یاساییو سیاسیو ئابووری ی کۆماری عیراقدا ئۆتۆنۆمی پەیڕەو بکات ، ئۆتۆنۆمی لە دوو ئەنجومەن پێك دێت

١ – ئەنجومەنی یاسا دانانو
٢ – ئەنجومەنی راپەڕاندن

یاساکەش دەسەڵاتو کارو کردەوەی هەردوو ئەنجومەنەکەو پەیوەندی راستەوخۆیان بە [illegible]ختەوەو بە بەڕێوەبەریتی ئۆتۆنۆمی یەوە دیار کردووە .

**ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە سەر بە ئەنجومەنی راپەڕاندننو لەگەل ئەوئیشانەی کە کردوویانە**

(دە) بەڕێوە بەرایەتی گەورە سەر بەم ئەنجومەنەنو هەریەکە کاروباری تایبەتی لە ئەستۆدایە لەمانەش :


**١ – بەڕێوەبەرایەتی ی کاروباری ناوخۆ کە سەرپەرشتی پۆلیسو بەرگری میلیو دایەرەی نفوس دەکات .**

**٢ – بەڕێوەبەرایەتی ی کاروباری کۆمەڵایەتی کە سەرپەرشتی دەزگا تەندروستی یەکانو کارو نووسینگەکانی کارپێکردن دەکات .**

**٣ – بەڕێوەبەرایەتی ی پەروەردەو فێر کردن – سەرپەرشتی دەزگا زانستی یەکان دەکات .**

**٤ – بەڕێوەبەرایەتی ی کارو خانەسازی .**

**٥ – بەڕێوە بەرایەتی ی**





Institut Kurde de Paris

# دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی و

# ئاسۆی روونا کی دوارۆژی رۆشنبیری گەلی کورد

لەبیرەوەری ١١ سالەی بەیاننامەی ١١ی ئادار و (٧) سالەی جەژنی ئۆتۆنۆمی



**دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی لەو دەزگا رۆشنبیرییانەیە، کە بایەخ بە پەرەپێدانی رۆشنبیری نەتەوەی کورد لەعیراقدا دەدات و دەزگایەکی مەرکەزی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنەو یەکێکە لە دەستکەوتە پیرۆزەکانی سەرکردایەتی حزب و شۆرش لە ئەنجامی باوەڕهێنانی مەبدەئیدا بە مافی رۆشنبیری نەتەوەی کورد**

ئەم دەزگایە هەمیشەو بەتایبەتی لە لایەن کاربەدەستانی وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنەوە جێگای بایەخ پێدان بووەو ئەو دەزگایەشە کە بە چالاکی و لێهاتووی توانیویەتی زۆربەی هەرەزۆری رۆشنبیرو خاوەن قەلەمە پێشکەوتنخوازەکانی نەتەوەی کورد لە خۆی کۆ بکاتەوەو چاپکراوو رۆژنامەکانی دەورێکی پیرۆزیان گێڕاوە لە کاری راگەیاندندا بەرەو پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی عیراق.

**ئەم دەزگایەو بەشەکانی و ئەرکی لە پەرەپێدانی رۆشنبیری گەلی کورددا**

● **دائیرەی کاروباری رۆشنبیری:**

دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، لە ماوەی ئەم بەشەیەوە (دائیرەی کاروباری رۆشنبیری و بەپێی نەخشەیەکی پوختە بۆ توانا تەقەللای داوە نەخشەیەکی پوختە بۆ چالاکیەکانی خۆی دابنێ کە بریتییە لە دانان و چاپ و بلاوکردنەوەو وەرگێران بە مەبەستی دەولەمەندکردنی سامانی رۆشنبیری کوردی و ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەرکەکانی ئەم دائیرەیە بدەین و تەنیا سالی پار بکەین بە بەلگە کە لەم سالەدا کاروباری لەبەر رووناکی بەرنامەیەکی پوختەدا بەڕێوە بردووە. دەبینین زۆر ئەرکی بەجێ هێناوە. وەك دانانی لیژنەیەك بۆ خوێندنەوەی سەرەتایی و هەلسەنگاندنی ئەو بەرهەمانەی پێشکەش بە دەزگاکەمان دەکرێن بۆ چاپکردن و بەپێی ئەو نەخشەیەی بۆ چاپکردنی بەرهەمی رۆشنبیری دانابوو توانی لە سالی هەشتادا ٥٠٪ی ئەرکی بەجێ بگەیەنێ سەرەڕای چاپکردنی دەیان بلاوکراوەی ئاراستەیی و سیاسی.

● **پەیوەندی بەتین لەگەل رۆشنبیراندا**

ئەم دەزگایە توانیویەتی پەیوەندی توندو تۆل لەگەل کۆڕو کۆمەلە رۆشنبیرییەکاندا بەدی بهێنێ لە رێگای بەشداربوونی راستەوخۆیانەوە لە ناردنی بەرهەمیان بۆ چاپکراوەکانی و رۆژنامەو گۆڤارەکانی. سەرەڕای بەشداریان لە هەلسەنگاندنی بەرهەمەکانیان و بەشداریان لە چالاکییەکانی دەزگاکەدا وەك بەشداریان لە یەکەم میهرەجانی رۆشنبیری و بەشداریان لە لێکولینەوەی نەخشەی سالی ١٩٨١و هەلسەنگاندنی نەخشەی کاری سالی رابوردووماندا.

● **یەکەم میهرەجانی رۆشنبیری**

دەزگاکەمان سالی پار گەورەترین نومایشی رۆشنبیری لە ناوچەی کوردستاندا پێك هێنا ئەویش بە سازکردنی یەکەم میهرەجانی رۆشنبیری کوردی لە شاری هەولێری مەلبەندی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان و بە سەرپەرشتی بەرێز مامۆستا لطیف نصیف جاسم وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن و هەر لەو میهرەجاندا یەکەم پێشانگای کتێبی کوردی ساز کراو بە سەدان رۆشنبیرو پسپۆری رۆشنبیری کوردی و شاعیرو چیرۆکنووسەر بەشداریان تیا کرد.






▲
▲
کردنەوەی یەکەم میهرەجانی رۆشنبیری کوردی



● **کردنەوەی نووسینگەی دەزگاکە لە شارەکانی کوردستان**

ئەم دەزگایە توانی لە سالی پاردا دوو نووسینگە بۆ خۆی بە کادیری تەواوی رۆژنامەنووسییەوەو پێداویستەکانی ئیشوکاریان لە شاری هەولێرو سلێمانی بکاتەوە کە هەردوو نووسینگەکە بوونەتە مەلبەندی پەیوەندی رۆشنبیرانی کورد لەگەل دەزگاکەدا سەرەڕای ئەوەی لەوێوە هەموو چالاکیەکانی ناوچەکە بە دەزگاکە دەگەیەنرێ و لێرە لە رۆژنامەو گۆڤارەکانیدا بلاو دەکرێنەوەو ئەمسالیش کاری دلسۆزانە بەردەوامە بۆ بەدی هێنانی ئەم مەبەستە لە شاری دهۆك.

● **رۆژنامەو گۆڤارەکان**

● **هاوکاری:**

ئەم رۆژنامەیە، هەر لە یەکەم ژمارەیەوە هەتا ئێستا کەوا تەمەنی گەیشتۆتە (١١) سال توانیویەتی بە چالاکی ئەرکی رۆژنامەنووسی خۆی بەجێ بهێنێ و دەنگی بەراستی راگەیاندنی شۆرش و دەستکەوتەکانی بێ و خزمەتی وشەی پیرۆزی کوردی بکات و کادیری رۆژنامەنووسی کوردی لێهاتوو لە خۆی کۆ بکاتەوە، بەتایبەتی لە سالی پارەوەو بە پێی راسپاردەو سەرپەرشتی راستەوخۆی سەر نووسەر، دەستەی نووسەرانی تەقەللای داوە بۆ زیاتر پەرەپێدانی ئەم رۆژنامەیەو چەندان گۆشەو لاپەڕەی نوێی کردووەتەوە لاپەڕەی ئافرەتان و هونەرو زانست و وەرزش کە شارەزایان سەرپەرشتی دەرهێنانی ئەم لاپەڕانە دەکەن و نووسەران و رۆشنبیران لەم رۆژنامەیە کۆ بوونەتەوەو لە سالی پاردا ئەم رۆژنامەیە توانیویەتی نزیکەی ٩٨٪ی ئەرکی خۆی لە نەخشەی سالانەیدا راپەڕێنێ.

● **گۆڤاری «بەیان»**

وەك دەزانرێ ئەم گۆڤارە، لە گۆڤارە گرنگەکانی ئەم دەزگایەو مانگی جارێ دەردەچێ و بە شێوەیەکی تەکنیکی جوان و رێك و پێك و گۆڤارەکە لە ناو کۆڕو کۆمەلانی ئەدەبیدا شوێنێکی رێزلێ گیراوی هەبەو خوێنەوارێکی زۆر رووی تێدەکەن و لە نەخشەی سالی پاردا رێبازی ئەم گۆڤارە بە تەواوی بە شێوەی ئەدەبی دیاری کراو بایەخ بە بلاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی کوردی دەداو نیسبەتی راپەڕاندنی ئەرکی رۆژنامەنووسی ئەم گۆڤارە لە نەخشەی سالی پاردا گەیشتە ٩٥٪.

● **گۆڤاری رۆشنبیری نوێ:**

رۆشنبیری نوێ، گۆڤارێکی مانگانەیە لە دەزگاکەمان دەردەچێ و لە نەخشەی سالی پارەوە چوارچێوەیەکی دیاری بۆ نەخشا کە بایەخدانە بە بابەتی زانستی و پەروەردەو فەلسەفەو فیکرو زمان بێجگە لە بایەخدان بە کەلەپوورو مێژوو کۆمەلایەتی و ئابووری و گەلێ باسی تر. هەرچەندە ئەم گۆڤارە زۆر جار بە هۆی کێشەی کەمی چاپخانەوە (کە کێشەی سەرەکی راپەڕاندنی زۆر ئەرکی دەزگاکەمانە) نەیتوانیوە لە سالی پاردا لە رادەی بەرپرسیاری خۆیدا بێ بەلام لەگەل ئەوەشدا هەر توانیویەتی رێبازی رێزی خۆی لە ناو کۆڕو کۆمەلە رۆشنبیرییەکاندا بپارێزێ.

Institut Kurde de Paris

# ١٦ ملیۆن دینار بۆ پرۆژە خزمەتگوزاریەكانی ناوچەكە خەرج كراوە .

## ١٨ ملیۆن دیناری تر بۆ چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری تر

## سەرەڕای جەنگی ڕەوای وڵاتەكەمان پرۆژەكان بە باشی جێ بەجێ دەكرێن

ئەمینداری گشتی شارەوانی و هاوینەهاوارەكان



لە نووسینگەی هەولێرەوە

**بۆ ئەوەی لە بیرەوەریی ٧ ساڵەی جێبەجێكردنی ئۆتۆنۆمیدا وێنەیەكی تەواومان لە بەردەمدا بێ دەربارەی چالاكییەكانی ئەمینداریتی گشتی شارەوانی هاوینەهەوارەكان چووینە لای مامۆستا سعاد تاڵەبانی ئەمینداری گشتی ئەمانەتی ناوبراو تكامان لێ كرد كە باسێكی چالاكییەكانی ئەمانەتەكەیمان بۆ بكا لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابوردوودا ..**

لە وەڵامدا مامۆستا سعاد تاڵەبانی گوتی :

– بەپێی یاسای ئۆتۆنۆمی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٧٤ ئەم ئەمینداریتییە دامەزراو بەگوێرەی یاسای تەشكیلاتی بەڕێوەبردنی ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ١٩٧٥ دەستی كرد بە جێبەجێكردنی ئەركەكانی سەرشانی ، هەروەها دەستی كرد بە جێبەجێكردنی پرۆژەكانی نەخشەی پەرەپێدانی نیشتمانی بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ یان هەندێ جار لە ڕێگای دامەزراكانی شارەوانییەوە .

لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابوردوودا بایی ( ١٦ ) ملیۆن دینار پرۆژەی خزمەتگوزاری ورابواردن وپرۆژەی ئاو لە لە پارێزگەكانی كوردستاندا جێبەجێ كراون و ، حاڵی حازر ئەمینداریتیمان خەریكی جێبەجێكردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری ترە كە هەمووی (٣٠) ملیۆن دیناری تێدەچێ. ئەمانە جگە لەو پارانەی كە بۆ دەزگاكانی شارەوانی تەرخان كراوە بۆ ڕاییكردنی پرۆژەكانی خۆیان .

هەروەها لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا زەوی و زارێكی زۆر بەسەر پرۆژەكان و هاووڵاتییاندا دابەش كراوە . هەروەها نەخشەی بنەڕەتی ڕێكوپێك بۆ شارەوانییەكانی ناوچەی كوردستان دانراوە بە هاوكاری لەگەڵ دەزگا لێپرسراوەكانی وەزارەتی نەخشە .

لە مەیدانی چاككردن و پێشخستنی هاوینەهەوارەكاندا هەلێكی باش لەم بوارە دراوەو ، هەموو پێویستییەكی چاك و نوێمان بۆ حەسانەوەی هاووڵاتییەكان لە هاوینەهەوارەكاندا ئامادە كردوە .

لە هەمان كاتدا ئەوی داوامان لێكراوە بۆ جێبەجێكردنی نەخشە بنەڕەتییەكان پێشكەشمان كردوە .

**پ ٢ : لە باری ئێستای وڵاتەكەماندا كە خەریكی جەنگێكی پیرۆزە دژی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خومەینی كاروباری ئەمینداریتییەكەتان چۆن دەڕەوا ؟**

– ئەو جەنگەی كە تاقمە فارسچییە ڕەگەزپەرستەكەی ئێران بەسەر وڵاتەكەماندا سەپاندویەتی ، هیچ كارێكی ئەرتۆی نەكردۆتە سەر چالاكی و جێبەجێكردنی پرۆژەكانمان بەڵكو لەو بڕوایەداین و دڵنیاین لەوەی كە هەموو پرۆژەكانمان ئەوانەی نەخشەیان بۆ كێشراوە ، لە كاتی خۆیانداو بە باشی جێبەجێ دەكرێن .

---

# لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ وە تا ١١ی ئازاری ١٩٨١ لە

# پارێزگای سلێمانیدا چی كراوە؟

**● ئاشكرایە بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ڕووداوێكی گرنگ بوو لە ژیانی گەلی عێراق بە گشتی و گەلی كوردا بەتایبەتی بەبۆنەی ئەم یادە پیرۆزەوە چاومان كەوت بە بەڕێز جعفر عبدالكریم البرزنجی پارێزگاری سلێمانی و دەربارەی گرنگترین پرۆژەكانیان بۆ جەماوەر لەم ماوەیەدا پرسیارمان لێ كردوو ئەویش لە وەڵامدا ووتی :-**

× ١١ی ئاداری ١٩٧٠ وەرچەرخانێكی گرنگی لە ژیانی گەلی كوردماندا بەدی هێناو سەركردایەتی حزب و شۆرش ، هەروەكو لە مەیدانەكانی تردا فێری دەستكەوتی گەورەو گرنگی كردوین ، لەم مەیدانەی مافی ئەتەوەی كوردیشدا ڕووداوەكەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی پێ بەخشین لێرە لەو كاتەوە كە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی كورد بڕیار دراوە بەردەوام هەموو دام و دەزگاكانی كوردستان خەریكی جێبەجێكردنی پرۆژەی ئاوەدانی و بەدی هێنانی باشترین شێوەی ژیان و خۆشگوزەرانین و من لێرەدا ئەتوانم بە كورتی باسی ئەو پرۆژە گرنگانە بكەم كە لە ماوەی ١١ ساڵی ڕابوردوودا جێبەجێ كراون ٢٤٢ قوتابخانەی سەرەتای بە نزیكەی ٦.١ هەزار دینار ٤٦٠ پۆلی قوتابخانە لە ڕێگای كاری گەلیەوە ٧٠ قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی بە نزیكەی ٥٢٤٠ هەزار دینار ٤٥، باخچەی ساوایان و ٧ بەشی ناوخۆیی و ٢٠ هۆڵی خواردەمەنی قوتابخانەو ٢٠ ژووری یەكیەتی قوتابییانی كوردستان دە تاقیگەی زانیاری دەنگ و ٥ بەشی هونەری پیشەسازی و ٥ هۆڵی تایبەتی و ١ گارگەی ئاسنگەری و یەك گەنجینەی ساردكردنەوەو نزیكەی ٢٨٠٠ خانو بۆ جوتیاران و ٣٤٩ خانو بۆ فەرمانبەران وە ٤ خانو بۆ مامۆستایان و ١٤٠ خانو بۆ كاربەدەستانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆو ٤ قومیسەری سنورو بارەگای بەڕێوەبەرێتی ئاسایش سلێمانی و كەراجێكی مەركەزی و بارەگای بەڕێوەبەرێتی سەر ژماردنی سلێمانی و چوار مەڵبەندی لاوان و ٩ مەڵبەندی فەرشتی دەستی و ٤ مەڵبەندی تەندروستی و ئیسعافی كتوپڕی دائیرەی زانینی ئاوو هەواو كرینی ٣٥ پاص بۆ گواستنەوەی سلێمانی و بارەگای بەڕێوەبەرێتی پولیس فریا كەوتنی سلێمانی و گەراجی گواستنەوەی سلیمانی و كرینی ئامێرو ئالاتی ئیش كردن و خانوی حاكم لە پێنجوین و ٣ خانو بۆ قائمقامەكان و بارەگای پۆلیسی سلێمانی و هۆڵی ڕابەری سیاسی و مەڵبەندی پۆلیسی چەمچەماڵ و بارەگای بەرگری میللی و مەڵبەندی ئاگر كوژانەوە لە دەربەندیخان و دوكان و ڕانیەو هەڵەبجەو قیرتاوكردنی ڕێگای نێوان هەندێ دێهات و قەزاو ناحیەكان و ٢٦ خانو بۆ جوتیارانی كەلار و ٤٠ خانو بۆ دێیەكی سەر سنور لای پێنجوێن و ٣٠ خانوی تر بۆ مامۆستایانی دەورو پشتی سلێمانی و ٤٠ خانوی تر هەر بۆ مامۆستایان لە قەزاو ناحیەكاندا ١٥٠ خانو بۆ كاربەدەستانی ئاسایش و پۆلیس ٣ دائیرەی پۆستەو بارەگای ناحیەی چناران و ٣ بارەگای ڕێكزاوە گەلیەكانی سلێمانی و دوو سەرا لە ڕانیەو چوارقورنەو مەڵبەندی ئیشی دەست لە سلێمانی و گەلێ ڕۆژەی تری لەم بابەتانە لە ملیارەها دینار تێپەڕبوە سەرەرای هێنانەدی جێبەجێ كردنی پرۆژەی ئاوی دوكان بۆ سلێمانی و جادەو دائیرەكەی دەوری سلێمانی و زیاتر لە ١٠٠ مەڵبەندی تەندروستی لقی و سەرەكی لە دێهات و قەزاو ناحیەكانداو كردنەوەی خەستەخانەی ٥٠ و ١٠٠ قەرەوێڵەیی لە بەشی زۆری قەزاو ناحیەو دێهات و چەرخەكاندا لەدوایدا بەیارمەتی ودڵسۆزی ئەتوانین خۆشی گوزەرانی و ژیانی ئاسودەیی بۆ خۆمان و نەتەوەكەمان بەدی بهێنین



نووسینگەی سلێمانی : محمد سعید محمد كریم

Institut Kurde de Paris



# رێکخراوە جەماوەرییەکانی پارێزگای سلێمانی

## یادی چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان دەکەنەوە

لە نووسینگەی سلێمانییەوە    فریا عبدالله

**دوێنێ بەبۆنەی یازدەهەمین بیرەوەری دەرچوونی بەیاننامە مێژوویەکەی یازدەی ئازارەوە پارێزگای سلێمانیش شان بەشانی پارێزگاکانی تری وڵات بەگشتی و ناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی هاوبەشی جەژن و شادی ئەم بیرەوەرییە گەورەیەی کرد. بەم بۆنەیەوە سەردانێکمان بۆ یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران و جوتیاران و یەکێتی لاوانی گشتی عێراق لە پارێزگای سلێمانیدا کرد و چاومان بە سەرۆک و لێپرسراوانی لایەنە ناوبراوەکان کەوت و دەربارەی هەست دەربڕین و هاوبەشی و چالاکی کردنی ئەم بیرەوەرییە بۆ هاوکاری دووان:**





سەرەتا کاک فائق طاهر رشید سەرۆکی یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی پارێزگای سلێمانی **بەم بۆنەیەوە وتی:** شتێکی روون و ئاشکرایە کە ئەم بیرەوەرییە یەکێکە لەو دەستکەوتە مەزنانەی سەرکردایەتی حزب و شۆڕش بۆ گەلی کوردمان لەبەر ئەوە ئێمەی کرێکاری کورد هەموو ساڵێک لەم کاتەدا بەو پەڕی سەربەرزییەوە پێشوازی لێدەکەین و خۆمانی بۆ ئامادە دەکەین... هەر بەم بۆنەیەوە بەڵاو کراوەیەکی تایبەتیمان بۆ هەردوو بیرەوەری ئازارو نەورۆز ئامادە کردوە و چەندەها کۆڕی تایبەتیشی بۆ دەگرین کە تیایاندا دەربارەی ناوەرۆک و گرنگی ئەم دوو دەستکەوتە پیرۆزەی گەلی کورد بۆ چینی کرێکاری بەرهەم هێنەر باس دەکەین... هەر بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێکی تایبەتی لە لایەن یەکێتییەکەمانەوە لە هۆڵی کرێکاران بۆ خێزانەکانی کرێکاران ساز دەکرێت و هاوبەشی ئاهەنگی سەرەکی پارێزگاشی دەکەین کە هەر بەم بۆنەیەوە دەکرێت... هەروەها سەرباری ئەمانەش چەند دیاری و خەڵاتێکی رێزلێنان بەسەر هەندێ کرێکاری لێهاتودا دابەش دەکەین ئەمەو سەردان و پێشکەش کردنی خەڵات و دیاری کە بۆ کەس و کارو خێزانی ئەو کرێکارانەی کە لە شەڕی رەوای عێراقدا گیانی خۆیان کردوە بە قوربانی پاراستنی سنووری خاک و ئاوی نیشتمانمان هەر لەم روەشەوە سەردانی تایبەتی تر دەکەین بۆ ناو برینداره پاڵەوانەکانی جەنگی قادسیەی صدام. جگە لەمانەش داوامان لە هەموو لیژنەکانی نەقابەکانی قەزاو ناحیەکان کردوە کە هەر بەم بۆنەیەوە لە رێگەی خۆیانەوە هاوبەشی ئەم دوو بیرەوەرییە بکەن و چالاکی خۆیان پێشکەش بکەن و هاوبەشی ئەم دوو جەژنە نەتەوایەتییەمان بکەن.

**پاشان کاک عبدالقادر محمد امین سەرۆکی یەکێتی لاوانی گشتی عێراق لقی سلێمانی سەبارەت بە کەرتی لاوان لەم دوو بیرەوەرییەدا وتی**

ئاشکراو روونە لاوان هەمیشە پاڵپشتی گەل و نیشتمانەو هەموو کاتێ ئامادەیە کە ئەرکی سەرشانی خۆی بۆ پارێزگاری خاک و ئاوی نیشتمانمان جێبەجێ بکات و هەوڵی پێشکەوتنی بدات و لەم روەشەوە لاوان هەمیشە لە ریزی پێشەوەی تێکۆشان و ئامادەیی خۆی لەم بوارەدا پیشان داوەو لەمەو دواش لەسەر رێرەوی دیاری کراوی خۆی بەردەوام دەبێت... سەبارەت بە هاوبەشی کردنی کەرتی لاوان لە جەژنەکانی ئازارو نەورۆزا بە چاکی خۆمان بۆ ئامادە کردوە کە ئەم دوو بیرەوەرییەش دەستکەوتێکی مەزنی گەلی کوردەو میری نیشتمانی تیایاندا دانی بە مافە رەواکانی گەلی کوردماندا هێناوەو سەرکردایەتی حزب و شۆڕش لە هەموو روویەکەوە هەنگاوی پیرۆزو خزمەت گوزاری گەورەی ئاراستەی ناوچەی کوردستان کردوە کە ئەمانەش بەڵگەی پاک و راستی بیرو باوەڕی پارت و شۆڕشە بەرامبەر بە مافی نەتەوایەتی میللەتی کورد ... شایانی باسە بە بۆنەی جەژنەکانی ئازارو نەورۆزەوە گەلێ چالاکی و جم و جۆڵی جۆربەجۆر پێشکەش دەکرێت کە بوارەکانی هونەرو رۆشنبیری و ئەدەبی و زانیاری و وەرزش دەگرێتەوە وەک چەند مهرەجانێکی وەرزشی و کردنەوەی چەند پێشانگەیەکی هونەری و زانستی و گەلێ بابەتی کەش ... دوا جار هیوادارین ناوچەکەمان زیاتر بەرەو پێشەوە بڕوات و بگەشێتەوە.

**دوا جار کاک نجم الدین سعید محمد سەرۆکی یەکێتی جوتیارانی پارێزگای سلێمانی لەم روەوە وتی**

بەناوی جەماوەری جوتیارانی پارێزگای سلێمانییەوە سڵاوو رێزمان بۆ سەرکردایەتی پارت و شۆڕش بەتایبەتی بۆ هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین بە بۆنەی هەردوو بیرەوەری ئازارو نەورۆزەوە پێشکەش دەکەین ... پاشان وتی لای هەموو کەس روون و ئاشکرایە ئەم دوو دەستکەوتە پیرۆزەی گەلی کوردمان یەکێکە لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٧-٣٠ گەلاوێژ کە سودێکی یەکجار گەورەی بە ناوچەکەمان گەیاندوەو لەم بوارەدا کەڵکێکی گەورەی بە چینی جوتیاران گەیاندوە لەوانە دەرچوونی یاسای زمارە -٩٠- نەوەد کە هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ بوژانەوەی چینی جوتیار کە لەم رێگەیەوە زەوی و زاری کشت و کاڵی بەسەر جوتیاراندا دابەش کراو بوون بە خاوەنی زەوی تایبەتی خۆیان. هەروەها پێشکەش کردنی تۆوو پەینی کیمیاوی و کەرەستەی جووت و درەوو هۆی گواستنەوە بە شێوەی قەرز دیستانەوە لە ریزی ئەو دەسکەوتانەی چینی جوتیارن کە ژمارەیان شتێکی ئاسان نییە وەک دروست کردنی خانوو بە شێوەی کۆمەڵ یان تایبەتی و بەکارهێنانی مەکینەی جووت و درەوی میری بە نرخێکی هەرزان شایانی باسە لە ساڵی ١٩٧٧ هەتا ئێستا ٤ هەزارو ١٣٢ لەگەڵ ١٤٠ معاملەی مەکینەی جوت و درەودا بۆ جوتیاران کراوە کە زۆربەی زۆریان وەریان گرتوەو بە دەستەوەیە کە ئەوانی تریش وەری بگرن.

دوا جار دەتوانین بڵێین کە جەژنی ئازارو نەورۆز کە ئەمەیان جەژنێکی کۆنی کوردە وئێمەی چینی جوتیاران هەموو ساڵێك لەگەڵ چینەکانی کەی میللەتدا یادی دەکەینەوەو هاوبەشی ئاهەنگەکانی ئەم دوو بیرەوەرییە دەکەین.

Institut Kurde de Paris

وو تەی ئەم جارە

# لە یادی ١١ی ئاداردا


رۆژی ١١ ی ئـــادار ، نیشانەیەکی پرشنگـــــداره لەرێی کاروانی ژیـــانو شارستانیی نەتەوەی کوردا ، یادی ئەو رۆژه گەشـــه هەمیشە لە دڵو دەروونـــی کورد زمانان بە پیـــرۆزیو دڵسۆزیو پاکیەوە بڵێسەی گەرمتر ناوه کە رەمـــزی مافو پێکەوەژیانی برایانـــەو ئاشتی‌یە لە خاکی نیشتماندا .

ئێمە کە یادی ئـــەم رۆژه پیرۆزە دەکەینەوە ، هەر دوو دەستی رێزو سوپاس‌بژێـــری لەسەر سنگ جووت‌دەکەیـــنو توماری ئەدەبو رۆشنبیریێ ئەو ماوەیە دەکەینەوەو بـــە ناوونیشانەوە هەرچی کراوەو روو سووریو چەسپاوی‌یەوە سەیری ئاســـۆی دوارۆژی گەشو گەشتر دەکەیـــن . توماری ئەدەبو رۆشنبیریی ١١ ی ئادار ئەوەندە رەنگینو رازاوەیە کە دەبێ زمانـــــی ژمارەو بەراوودو هێڵـــــی نەخشەکێشان بێتە فریامـــان تا بەرهەمی زۆرو کــــاری بەکەڵکو کاریگەری ئـــــەو سەردەمەی دوایێ ئـــــەو رۆژه رووناکەی پێ دیاربخەین دیارە لە قوڵە ووتەیەکـــی ئەم لاپەڕەیەدا ئەوەمان بـــۆ هەڵناسوورێت ، بە ســـەرو بەر ، بە ژماردنو بە بەڵگـەو نەکراوه یەکە یەکە جـــێی بکەینەوەو باسی بکەیـــن، بەڵام تەنیا بەراووردێکی نێوان بەرهەمی چەند ساڵێکی بـــەر لەو رۆژەو بەرهەمی چەنـــد ساڵێکی تری دوای رۆژەکـــە گەلی راستیو مەسەلـــــەی بەڵگەنەویستمان بۆ دەخاتـــە روو کە هەموو پەنجە بـــۆ پێشکەوتنو راپەریـــــنو هەنگاونانێکی زۆری ئـــەدەبو رۆشنبیریێ ـ لە لایـــــەن چەندیو چۆنیـــــەوە ـ هەڵدەبڕن .

١١ ی ئادار ، سەرەتـــای قۆناغێکی نوێی ئەدەبـــــی کوردی‌یە کە رۆژنامەکەمـــان ـ هاوکاریێ ـ بـــــە شانازی‌یەوە مەیدانـــــی جموجووڵو راپەراندنـــــی زۆربەی ئەرکەکانی ئــــــەو قۆناغە ئەدەبە بووەو دروشمی پێشکەوتنو نوێ‌کردنـــەوەو تازەخوازیی ئەدەبی کـــوردیێ هەڵگرتووەو تا ئیستاشـــــں لە رێرەوتی کاروانـــــــی پێشکەوتنو نوێ‌کردنـــەوەی ئەدەبێکی مرۆڤانەی کوردیی لایەنگیرو دڵسۆز بە نیشـانو نەتەوە چرابەکـــــی سەوزی هیوابەخشە .

لەم یادە گەشـــــــەدا گەرمترین سڵاو پێش‌کەشـــں بە بنیات‌نەرانـــی ئەو رۆژە مێژوویی‌یەو هەڵقوڵێنەرانـــی کانیی شۆرشو بەخششـــو رووناکی دەکەین .

● ئەدەبو رۆشنبیری ●



ئاوە جوانەکەی سەرچاوەکەی زەڵم
بۆ گەڵارێزان سەر بەتەم وەهەڵم
ئەڵێی سەرچاوەی بەختی کوردانی
سەرەوتت نی‌یە وێڵی هەردانی
تاڤگەکەت سەر بەرز ، سارده وەك تەرزه
دانەی مرواری لەنجەی سەد تەرزه
لـــەو ئاسمانەوه ئەرژێتـــه خوارێ
لە چاوی گەردوون فرمێسك ئەبارێ
وێنەی عاشقێ کـــه نالەکاربێ
سەحرا نەوورد بێ ، پەیجووری یاربێ
وێڵو سەرەڕۆ ، بە ڕۆرۆی پڕ دەرد
بە قەڵبەزەوه سەر ئەدەی لە بەرد
دەست لە ملانی لەگـەڵ تانجەڕۆ
بە سەودای سیروان شەیداو رەنجەڕۆ
لە دوماواندا کە یەك ئەکـەوی
دوو میسرەعی بوو بەیتی مەولەوی
سیروانی ئەم چەم ، تانجەڕۆی ئەوچەم
بدەن بە یەکدا ئەم چەم تا ئەو چەم
مەوەستە بڕۆ بە لمی خاکـــا
بگری لە بارگەی سەلمانی پاکا
پێی بڵێ : قوربان تۆ ناوت، پاکـــه
بمانخەره رێی یەکێتیو چاکـــه
لەبەر ئاودێری ئەو خاکە دێمه
کە پاراو ئەبێ بـه ناوی ئێمه
با گوڵو نێرگس هەردوو پێکەوه
شادبن بە دڵی رێكو پێکەوه

با گوڵو نێرگس . . .
کورد و عەرەب
پێکەوه شادبن

شیعری پیرەمێرد

Institut Kurde de Paris

# ١١ ئادار

حسیب قەرەداغی

لە شالاوی سەرماو سۆلەی زستانێکی ئێجگار شووما
بەلای کوردا ، مژدەی بەهار
خۆی هاوێشتە تابلۆی نیگار
لەگەڵ سرۆشتا ، دەم بە دەم
بوون بەهاو رێی خەمەکەم
بەرێ بازی خەموفینا پێیان نا بە رووی هەورازا
پێیان نا بە دەمو دانی کەلی هەزار قسەو رازا
رێیان بڕی
سەختیان بڕی
پەرەیەکیان هەڵدایەوە . کتێبێکی رەشیان دڕی
منالێکی چاوڕوانیان لە ڕێگەداخستە سەرشان
بۆنی هەناسەی خۆزگەیان بەرزکردەوە
ئەستێرەیەکی وێڵبوویان هەڵکردەوە
ئالایەکی هەڵکەنراویان داگرتاوە
لەگەڵ بانگی خەوتناندا چاویان لێبوو
ئالا بۆ خۆی ئەشەکاوە
رێی خەمەکان گەیشتنە یەك
سەریان کرد بە ناوی یەکا بوون بەیەك جەك
لە پێشوازی نەورۆزێکا تەقینەوە
بە بەهارو بە گوڵاڵە
بە نێرگس و بە هەڵاڵە
نەمامێکی نوێیان رووان
لەسەرگازی پشتکراوە دەرگای مۆری باخی ژوان
رێبوارەکان وەرن بۆ لای پشوودانێ
کۆڵکێشەکان کۆڵتان بێنن . بیخۆنەوە جامی چانێ
ئەم ڕێگەیە رێی پەیامی ئازادییە
بابێن رێبواری رێی هەوراز
پێشمکەش بێت سەد چەپکە ناز

× ● ×

ئا لەو ساوەرێگەی رێبواری رێگەی خەمم
لە دەروونما شوێنت هەیە وەکوو شەمم
بیرم ناچێت ئاهەنگەکەی رێی ژوانت
ئاسۆی کەژاڵی چاوانت
خەوی خۆشی رێی بادانت .

× ● ×

کچە کوردێك دەستماڵەکەی کرد بە ئالا
بوو بە بەستەی ئەو ئاهەنگەی هەڵمان گیرسان
ئەوەندەمان ژیان دایە
نەدرابێتە هیچ چیایە
مرۆڤی کورد ، بەستەی کوردی
هەرچی حەرف و دەنگمان دەبوو لە ئاهەنگی بووکی نوێدا
لە ناو شارو کووچەی دێدا
بە هەڵپەرکێ شەوبان ئەدایە دەستی ڕۆژ
ڕۆژیان ئەدایە دەستی شەو
ئەستێرەیان لە سابەقە نەکردەوە
ئەیان کردە ناوچاوی خەو .

× ● ×

١١ ئادار وەك شۆرەسوار لە ناکاوا
خۆی دا بە ناو ارفەی ئێوا
خۆی کرد بەناو باخچەی دووری رێ بەستراوا
چەپکێ گوڵی سووری هێنا بۆ رێی ژوان
لەگەڵ یاری نەورۆزیشا خۆیان نواند
لە ناو دڵی شەیداکانی ئەم شارەدا . بە جووت روان
باوەڕناکەم نەیەتە سەر
باوەڕناکەم نەیەتە بەر

× ● ×

هە - ١١ یەکی ئاداری ئەم جیهانە لە دایك بێت
لای من ئاوازی بەستەیە بۆ قافیەی شیعرم ئەشێت
گوڵاڵە سوورەی کێوەکان کە بۆنی نێرگسێ ئەکەن
بۆ پێشوازی لە ئازادی لەبەهارا خۆ دەرئەخەن
هەزار ئالای ئاڵ و واڵای لە کوێستانێکا سەر ئەخەن

**● شەرگەها رۆژێ یـا داکەفتی ، بایەکێ نـەرمو هین یێ بەلگێن سپینـدارا دلەرزینیت .. جیهانـا کریە خودیکەکا تژی سیتافـك هەردوك یێ لرێکێ ئەڤـراز دبن و سیبەرا وان یا بویـە جێمك ... دەهمانێـن کورتەکێ وێ یێ ڤاژی دبـن جار یێ لئاخێ دخشێـن ، ستریاو کنجروکا لخو کـوم دکەن جار ژێ یێ ڤگوزەکێن وێ دکەڤن ، سـەرو چاڤێن لێ تێك دچن و ئەنیـا وێ یا سپی یا دبیتە گرێ بەلێ هەر ژ کنارێ متیـا خو دەرناکەڤیت ... !!**

هەڤالێ وێژی لناڤـەرا هزرێن خو یێن بـەلاڤ و تێك هەلبونا هەردو سیتافکـا هەرردو سیتافکا هەر وەکـو لال بوی ئانژی ئەزمانێ خـو بەرزە کری یێ بخـو دبێژیت :

- چونا من . مانا مـن . کیشك فەرترە ... ؟ نـە زدلام پشت داکێش نەبی .. لێڤە نەبی .. ڤێتن بچـی دا بمینی ... ! ئاڤرێیـەك لبەڤالا خو ڤەدا .. هزرێـن خو کرن چ بێژیت دا ڤێ بێ دەنگیا بسەهم بشکێنیت .. ؟ کورتژی .. کرەکەنـی دەنگێ وی وەکی تەنبیـرا داڤ لێ سست بویـن ڤەلەرزی :

وان ئەو در هەمی ڤەگرتن و گوت :

- لێ باش بو ئەم دهنـد نە ، هەکە چ جلك بقابدا مـە نە دبون .. ها .. ها .. ها ..

- یا خوش بو ئەم وەکـی وێ ببانە جێمك و کەسـێ نەشیابا مە ژێك جـودا کەت .. !!

وی دەمی ئەسمانـی قورجەکا دی لگەویا خو دا ررژ پیجەکا دی داعوبـرا . سیبەرا وان ژێ جار بـا دهێتە رەخو جار بێت هێلنە لدویڤ خو ... بپشـت کەنتن و نێزیکی گوندی بـون و سیبەرا وان بەرزە بـو .. ! کچك لسەر ملێ خو زڤـری بەرێ خو دا پشت خـو

**« خودێ دگەڵ نە » .. ! لهەڤالێ خو زڤری و گوتـێ :**

**- هبێ .. هبێ .. مانـا مەژی وەکی وێ سیتافکـێ یە ! هەڤالێ وێ سەرێ خو بلند کر ، چاڤێن خـو نەڤاندن و کورت ڤەبـڕی هەر وەچکو ژ ئاخمتنێ دترسیت :**

**- لێ نەزڤرە ، بلا بچیت ، دێ هەر هەلبێتەڤـە ... ! ژ هینگێ و هەتا نهـو ... شەرگەها رۆژێ یا بسـەر دکەڤیت و یادادهێـت .. سیتافکێن دزڤرن و بەلگێـن سپیندارا یێ دوەرێـن و خیڤ دبنەڤە ... هێشـ بالهیڤێ .. ئەو سیتافـە بزڤرنە ڤەو ببیتە جێمـك دگەل سیبەرا و ێ ..**

هێشتا با لوێرێ و هـزار

## دیلان هێی

سەرفەراز
عەلی نەقشەبەندی

- خوش بو ها .. هەکـە تەم هندی سیتافکا خـو دمەزن باین ... !!
- ...... ؟ !

دەستێ خو بلند کـرو ئەلێن خو راست کردن سەرا

تەمارەك کەفتە سەر دلـی و رەنگێ هەتاڤ زەرکا مریـا گرت .. !

**هندە گەهشتنە گوندی .. ژ وێرێ وێڤەتر ڤێتن بێژتێ**

سنری و کنجروك یێ لدلـی چەڤیاین . لێ ژ کنـارێ متیا خو دەرنەکەفتیە .. ! !

سلێمانی ١٩٨٠



# کاروانی ئەنجوومەنەکانی یاسادانانی ناوچەی کوردستان بەوێنە







● دوایی دەرچوونی یاسای ژمارە ٣٣ی سالی ١٩٧٤ ، کە بریتی یە لە یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی عیراق ، یەکەم ئەنجومەنی یاسادانان پێك هات و دەستی کرد بە کاروباری خۆی و دستەی سەرۆکایەتی یەکەم ئەنجومەن لەم مامۆستایانە پێك هات (( مامۆستا بکر محمود رسول سەرۆك مامۆستا احسان مفتی جێگری سەرۆك ، مامۆستا اسماعیل رسول احمد ئەمینداری نهێنی ئەنجومەن))و یەکەم کۆبوونەوەی بەچاودێری سەرۆك کۆمار بوو لە شاری هەولێری مەڵبەندی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و لە جیاتی سەرۆکی بەرێز ، مامۆستا طه محی‌الدین معروف جێگری سەرۆك کۆمار کردیەوە ، دووەم ئەنجومەن دەزگای سەرۆکایەتی لە مامۆستایان ( محمد امین محمد علی سەرۆك ، شاکر فتاح جێگری سەرۆك ، خلیل محمد علی ئەمینداری نهێنی )و لە جیاتی سەرۆکی فەرماندە بەرێز مامۆستا طه یاسین رەمەزان جێگری یەکەمی سەرۆك وەزیران کردیەوەو ئەنجومەنی سێ یەمی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان بەرێگای هەڵبژاردنی سەربەست لە مانگی نۆی سالی ١٩٨٠دا بوو کە بەرێز مامۆستا احمد عبدالقادر نەقشبەندی بە سەرۆك هەڵبژێردرا ، بەم بۆنەیەوە (( هاوکاری )) کاروانی هەر سێ ئەنجومەنەکە بە وێنە وەك تۆمارێکی مێژووی بڵاو دەکاتەوە .

Institut Kurde de Paris

ئێمە دەزانین کە ڕەنجدەرانی کوردستان
بەشێکن لە گەلی عێراقان، هەموو گەلەکەمان
لە کوردستاندا، پێویستیان بە ئاسوودەیی
هەیە لەمەو بەرو ئێستاش پێویستیان
بە بنیات نان و خۆشەویستی و کارکردن
هەیە.

سەرۆکی فەرماندە
صدام حسین




هاوکاری
ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە
دار الحرية للطباعة - بغداد
شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی
ت: ٨٨٧٥٧٩/٥ خەتە
٢٠ لاپەڕە
٢٥ فلس


Institut Kurde de Paris